www.kurdistannet.org
2-10-2006 12:37 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## بن یان كچێنی ... سەباحەت تاهیر



یەك دوو رۆژبوو هەركە كرێكارەكان دەستیان لە كاری دروست كردنی خانووەكوی ماڵی (گروكەی) دراوسیمان هەڵدەگرت من و (پەخەی) دەستە خوشكم یەك سەر رامان دەكردە سەر دیوارۆكەكەی خانووە نیوە چڵەكە بۆ باز دان.

كە لە بەرزایی دیوارۆكەكە خۆمان تیهڵدەدا دتگووت دەفڕین، لە خۆشیان تریقەمان دەهاتێ، خەریك بوو بازێكی تر بدەم كەچاوم بە دایكم كەوت بە تووڕەییەوە بۆ لای ئێمە دەهات لە ترسان حەپەسام! فریای ئەوە نەكەوتم بیر لە هیچ بكەمەوە، دایكم بە هەردوو كەزیەكانم لەسەر دیوارۆكەكەهێنامیە خوار هەر بە كەزیەكانیشم رایكێشام تا ناو حەوشەی ماڵەوە، كە فرێیدامە حەوشەكە نەنكم و پوریشم سینی ساوار چاكردنیان داناو هاتنە فریای دایكم بۆ كوتانم، هەر سێك بە یەكەوە دەیان كوتام و جنێویان پێ دەدام،

-حەیا بەر... دەتەوێ بێ بن بیت،

-بە كوشتن نەبێت واز لە بازی سەر دار و دیواران ناهێنێ و بنی دەرژێ

- دەی مەیموونی دەعجانی بكوژژژژژژژژە

-بیكوژە دەنا سبەینێ لە كۆشكی عەزیز ئاغا باز دەداو، لە بەر دەمی خەڵكی گەرەكێ بنی دەرژێ... حەیای حەوت پشتمان دەبات!

- سێ دەنگ بوو بە سەد بە هەزار بن... بن... بن... بن... چاوم لێڵ بوو.... كە بەئاگا هاتمەوە شەو بوو هەموو جەستەم وەك ئاگر دەسووتا لەرزو تا هەناسەی لێ بڕی بووم ویستم چاوم بكەمەوە ئەمجارەش تەم كەوتە سەر چاوم....

نازانم چەند رۆژان بەم دەردە مامەوە بەڵام چاكم لە بیرە كە لە دەردەكەم هەڵسامەوە، دنیا لە بەر چاوم زۆر پیر بوو بوو، زۆر منداڵ بووم بەڵام، چاك تێگەیشتم (بن بەم دەردەی بردبووم، گەر چی نەم دەزانی بن چییە، بەڵام فامی ئەوەم دەكرد كەوا شتێكە بەتەنیا هی من نییەو زۆر یش لە من گرنگ ترە! ئیتر ببڕای بڕای بە سەر دیوارۆكان نەكەوتم بازم نەدا بەدوای باڵندان رام نەكرد، لە گەڵ منداڵە كوڕەكان هەڵنەدەبزیم تۆپانێم نەدەكرد نەوەكا بنەكەی خێزانەكەم بەمن برژێ، لەو ساوە قەدەری من ئەو بنە بوو بە یەك، تا بنەكەم قایم تر دەبوو قاچەكانم لاواز تر ئە بوون، كە بۆ مەكتەب ناو نووس كرام من و ئەو بنە بە یەكەوە دەچووین بۆ پۆلَ، ئەوەندەی هۆشم لای ئەو بنە بوو، ئەوەندە هۆشم لای وانەكانم نەبوو، چوونكە پێیان گووتبووم بە دیوارو كورسی و حەوش و تەنەكەی خۆڵ وتەختە رەشەی مەكتەب بن دەرژی، لە سالَی چوونە بازارێك، لە سەیران، لە شایی، لە تازییەو شیوەن هۆشم لای ئەو بنە بوو نەوەوكا برَژێ، كە هەراش بوو خواردنی فەریكە سێو هەناری ترش وپەسیرەو سماق و رێواس و چەقەڵەم لێ قەدەغە كرا، چونكە دەیان گووت بنی سوور كاڵ دەكەنەوە

، كەتەمەنم بووبووە سێنزە ساڵ بەیا نیەك پوورە قەیرەكەم بۆ ئامادەكرنی فەراوین لە خەو هەڵسا بوو دیتبووی قاچ قوولم خەڵەتانی خوێنە، بە پەلە هەموو ماڵەوەی لە خەو هەڵسان دبوو وایان زانیبوو بنەكەم رژاوە، بە بڕیارێكی کوورت منیان بە چەقۆ لەت و پەت كردبوو، فڕیان دا بوومە پەنا رووباری شیوە كورَان، بنەكە كە ساغ و سەلامەت بوو هوَشیارَ بووبووەوە بە لەت وپەت كراوی منی بینی بوو، بە

پەلە رای کردبووە ماڵ، هەواڵی سەلامەتی خۆی دابووە ماڵەوە ئەوانیش منیان کۆ کردبووەوە بە زیندووی لە جیگای خۆمیان راکشاندبووم، لە وساوەی بنەکەم ئەم رووداوەی بۆ باس کردم، منیش لە خۆم خۆشتر ویست، ئەم جارە من و ئەو بووین بە دوو روح لە یەك جەستە! هەر دوا ی ئەم رووداوە مەراقم چووە سەر شیعر نووسین، پرسم بە بنەکەم کرد ئەویش ئەم بڕیارەی پەسند کرد، بە مەرجێك لە خەتی سووری ئەو دەر نەچم. کە شیعرم دەنووسی، ئەوەندی هۆشم لای ئەم خەتە سوورە بوو ئەوەندە هۆشم لای شیعرە کانم نەبوو.

گەر بە لای سیاسەت رەت بووبام بنەکەم باسی ئەو کچەی بۆ دەگێڕامەوە کە کەوتبووە زیندانی پیاوە زەبەلاحەکان... دوای ئەشکەنجە دان... بانگیان کردبوو کەلە نێوان ئاشکرا کردنی ناوی هاورێکانی و رژاندنی بنەکەی یەکیان هەڵبژێرێ....

من هیچ ساتێك و بۆنەیەکم نیە تایبەت بێت بەخۆم.... من و ئەو بنە بۆ یەك ژیان و یەك قەدەر دەمانگوزەراند

رۆژێك لە ناکاو پیاوەکانی خێزانەکەم بە پرس و رەزامەندی هەموو خزم و دراوسێ و پیاوە ماقوڵە ناسیاوەکانمان، بڕیلریان دا کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە من و بنەکە لە یەك حیا بینەوە........

دوای چەند رۆژێك لەژوورێکی تاریك تاریك ژنێك لە سەر تەرمی بنەکەی بە تەنیا و زۆر بێ دەسەڵاتانە دەگریا....

ئێستاش قوماشێکی سپی بە پەڵەی دوو دڵۆپ خوێنەوە لە جانتایەکی رەش شار بە شار بە شان هەڵدەگرێ، ئەمەش تاکە میراتیەتی بۆ کچە زاکەی.... !